# شەوێکی ئەفسوناوی. ... شیعری محەمەد کوردۆ

بەدوای ڕوناکیدا ئەگەڕێم
ڕێم کەوتۆتە دێی پەرییان
هەموویان ڕەشپۆشن
دەنگی سەگوەڕ نایە
چرایماڵەکان خامۆشن
ئەڕۆم لە مزگەوتەکەیانا، ئەخەوم
ئەمشەو ئەبم بە هاوەڵی
کوپەیەك و
حەسیرێك و
تاتەشورێك.. و
تابووتێ..
ڕێم کەوتۆتە دێی پەرییان
بەچاوی خەیاڵ ئەیانبینم
مەمکیان وەکو چرا
لە پشتی پەردەوە ئەسووتێ
من بۆ ڕووناکی ئەگەڕێم ئەمەوێ داوێنیان بگرم
ئەڵێن خەویش وەکو مردن وایە
بەهێمنی و
هێواش
هێواش
ئەمرم.. ؟؟

1993 10 10